# بێبەخت

قەت جەختم نەهێناوە. دەستم بۆ زێڕ بردبێ بووە بەخۆڵ. گوڕم بەستبێتەوە لەشەقەی باڵ بدەم، وەك زەڕنەقووتەیەکی بنگوێسوانان بەربوومەتەوە. رێگای هاتم گرتبێتەبەر، لێم بۆتە رێگای نەهات. هەمیشە بێبەختیو بێبەختیو هەر بێبەختی..بۆچی؟!..ئاخر بۆچی؟!. خۆ منیش وەك ئەو عالەمی خوایە..وەك ئەو ئۆمەتی محەمەدە ئادەمیمو بەئەقڵ بێ، بەشی خۆمم هەیەو بەکاری دێنم. بەپەلوپۆش بێ، خۆ بەخوا دەیانهاومو چنگونینۆکیش گیردەکەم. هەردەم هەوڵم داوە، لەبەردی رەق نان پەیدا بکەم. زۆر جاران بۆی چوومەتە قوڕگی شێرەوە. جەزرەبەم وەشاندوەو لێم وەشێنراوە. ئەی نەبوو ئەو جارە، لە بلەکوللە هاتمە دەست. سرەواندمە دەموقەپۆزیو دوو ددانیم شکاندن؟!. ئەوەبوو ئەویش نەیکردە نامەردی، فرسەتی لێهێنامو بەچەقۆکەی بەرباخەڵی، لایەکی گوێچکەمی بۆ داماڵیم. ئا..ئەی لەوساوە ناوم بەئەحەگوێبڕاو، ناوبانگی دەرنەکرد؟!.

بەڵێ جەنابی ئەحەگوێبڕاو..تۆ کواو کەی جارێك..تەنیا جارێك لەجاران جەختت هێناوە..ها!..کواو کەی جەختت هێناوە؟!. تۆ هەمیشە بێبەخت بوویت. هەمیشە چووبیتە سەر سیروان وشکیکردوە. خەلەوخەرمانت هاتبێتە شەنوکەوکردن، ئاگری تێبەر بووە. لە بیرتە ئەو ساڵە خۆشیخۆشی، چوویت شکارتەت کرد. شکارتە هاتەبەرو بوو بەخەرمان. کەچی خەرمان بێئەوەی ئێستاوئەوسا کەس بزانێ چۆن، لەماوەی سەعاتەوەختێکدا بوو بەتەپۆلکەیەك خۆڵەمێش. بۆ؟!..ئاخر بۆ؟!. خۆ تۆش وەك ئەو خەڵکە سەربەڕزقە، مرۆیەکی نەوەی بابەئادەمو دایەحەوایت. خۆ سەری تۆش هێشتا لەسەر خاکەو،دەبێ بەڕزق بێ. کەچی هەرچەند دەکەیتو دەکۆشیت، هەر بەلای سەری ژێر خاکدا دەشکێتەوە. ئاخر توخوا ئەمە سەیروسەمەرە نییە؟!. ئەمە عاجباتی نییە؟!. ئەگەر نا ئەی بۆچی ئەحەگوێبڕاو، قەت لەژیانیدا جەختی نەهێناوە؟!.

ئا..ئەحەگوێبڕاو، با هەروا کەمێ وردببیتەوە..ئایا ئەحەگوێبڕاو لەبیری ماوە، هاها ئەو جارەی سەریکردە سەری ژنەکەی؟!.حەوت شەوو حەوت رۆژ تێیدا کوللوکافربوو، تا رازییکرد خشڵەکانی بداتێ؟!. ئەحە خشڵەکانی نەنایە پریاسکەیەکەوەو نەچوو بەپارەیەکی مۆڵ فرۆشتی؟!. پارەکەی نەخستە تەنکەی باخەڵو خۆی نەگەیاندە ئەودیو؟!. باری سێ هێستری کەلوپەلی قاچاخ، پێنەدایە پێش خۆی؟!. خۆ ئەوەبوو ئەحە لەخۆشییاندا، پێی سەر زەوی نەدەکەوت. لەدڵدا دەیووت: ئەرێ وەڵلا..ئەوەتا بارەکەیم دۆزییەوە. کەچی..کەچی ئای ئەحەی نەگبەت چاکت نەدۆزییەوە!. قازانجت سەری مایەی خواردو، دەستت لەبنی هەمانەکەوە

دەرچوو. ئاتەش لەو وەختەوە لەسەر خشڵەبەزایەچووەکانی، لێت بەخوتەوبۆڵەیەو لێتی نابڕێتەوە.

دەسا بۆچی؟!..ئیٚ ئاخر بۆچی؟!.خۆ باوکم کفری نەکرد لەو شەوە شوومەدا، چووە پاڵ دایکمو ئەم ئەحەگوێبڕاوە چارەڕەشەی لێهاتە بەرهەم. کفریکرد..ها..کفریکرد؟!. گوایە لەو شەوەدا بەتەنیا دایكو باوکی من، چوونەتە پاڵ یەکترو، کەسێکیتر ئەم ناماقووڵییەی نەکرد؟!. با کردیانو هیچ دوور ناڕۆم، ئەوە قالەقاژووی مامە رەحیمم. یەك مامانو لەیەك رۆژدا، ناوکی هەردووکمانی بڕی. ئەو سەرلەبەیانیو، من دەمەدەمی عەسر. دەفەرموو سەیری تەنتەنەو عەنعەنەی بکە. فەرموو سەرنج بدەرە کرداری. دەست بۆ خۆڵ دەبا، دەبێتە زێڕ. گاڵ دەچێنیٚو دەبێتە پەموو. وەك گای عەلی خۆی دەلێسێتەوەو، ئالیکی بەشەڵتە دەخرێتە بەردەم. ئیٚ ئاخر بۆ؟!. بۆچی ئەو وەهاو منیش وەها؟!. خوا پێم نەگریٚ..خۆ من کابرایەکی بەغیلو حەسوود نیم. خوایە گیان..خوای بەخشندەو میهرەبان بیدەریٚ..سەد ئەوەندەی بدەریٚ. عافێتی بیٚو نۆشی گیانی، خۆیو ماڵو منداڵی بیٚ. ئەی ئاخر بۆ من بۆچی وەها؟!..ها..بۆچی وەها؟!. ئیٚ خۆ من نەهاتووم بڵێم وەڵا تۆ..وەڵا گوایە تۆ..

مەکە..ئەحەگوێبڕاو مەکە..بەولایەدا گوزەر مەکەو بڵیٚ ئەستەغفیروڵلا. بڵیٚ خوایە تۆم بەهەقە. بڵیٚ بەبەشت رازیمو خێراش، بەملکەچییەوە پێی بڵیٚ: تۆ تا کێو نەبینیت بەفری تێناکەیت. ئا وایە. ئەو تا کێو نەبینیٚ بەفری تێناکا. خۆ گۆترە نییە. گوایە تۆ وا دەزانیت گۆترەیە ئەحەگوێبڕاو؟!..ها..تۆ وا دەزانیت گۆترەیە؟!..وەڵا چووزانم!..گۆترەیەو گۆترەش نییە. گۆترەیە چونکە ئەوەتەی من هەم، هەر دەبینم کەر دەیکاو گا دەیخوا. فەرموو ئەوە قاژووەکەی ئامۆزام. گایەکە ئاو لێڵ ناکا. ئەوەتەی هەیە بەئارەزووی خۆی دەخوا. کێوێکەو قەت نەمدی، توێژاڵەبەفرێك بنیشێنرێتە سەر شاخەکانی. کەچی منی کەر..منی کەری ژێر باری بیستوچوار سەعاتە، بەژێر باری شەوانەی ئاتەشەوە، ساڵ دوانزەی مانگە، بەفرو بگرە بەستەڵەکی بەفر، سەر هەردوو گوێچکە رەپەکانمو سەر تەوێڵمو تەنانەت، لەمسەر تا ئەوسەری بڕبڕەی پشتیشمی تەنیوە!. بۆچی؟!..ئاخر بۆچی؟!. ئاخر خۆ منیش مرۆیەکی نەوەی بابەئادەمو دایەحەوام. خۆ باوکمو مامە رەحیمم، لەیەك شەودا چوونە پاڵ ژنەکانیان. لەژنەکەی باوکم من هاتمە بەرهەمو، لەژنەکەی مامم قالەقاژوو. کەچی ئەوەتا من ئەم بێبەختەم لێدەرچووەو، قالەش ئەو بەختەوەرە. ئیٚ ئاخر بۆچی؟!. بۆچی ئەو بوو بەگاو من بەکەر؟!..ها؟!..چۆن؟!..گوایە قالەقاژوو..

ـ ئەحە..کورە ئەحەگوێبڕاو!..

لەپێكو پێنج پەنجەی دەستێك، چەسپیبوونە بازنەی قۆڵی راستیو رایاندەوەشاند. سەرەتا هەروا لەسەر باری دانیشتنەکەی، ئاوڕێکی کەمتەرخەمانەی، بەلای خاوەن دەستەکەدا دایەوە. هەر لەسەر ئەو بینەشی کە گرتبووی، لەوەرامیدا وتی:

ـ بەڵێ قالەقاژوو..چیت دەوێ؟!.

بەڵام کاتێ قالە دەستی لەقۆڵی بەرداو، هەنگاوێك لێیچووە دواوەو نەڕاندی بەسەریدا:

ـ چۆن؟!..وتت چی؟!.

ئەوسا وەك کێچ راپەڕی. خۆی خستە سەرپێ و، بەدەنگێکی پڕ لەرێزو ملکەچییەوە وتی:

ـ بەڵێ قوربان..بەڵێ کاك قادر..چی دەفەرموویت؟!.

سلێمانی ـ 1ـ 3ـ 1992